# تووڕەیی و کات
# تیۆریەکی نوێ بۆ ڕاڤەکردنی مێژووی جیهان

یەکترناسینی بەکر عەلی لەگەڵ فەیلەسوف پیتەر سلۆتەردایک
لە پەراوێزی ئێوارەکۆڕێکدا لە بەرلین

بەکر عەلی /بەرلین




شتێک کە من سەرنجم لە ئیشەکانی فەیلەسوف پیتەر سلۆتەردایک دابێت ئەوەیە هەموو ساڵێک یان لە وەرزی پایزدا وەیان لە وەرزی بەهاردا وە یاخود زۆر ساڵ لە هەردوو وەرزەکەدا شاکارێک یان دووان دەخاتە کتێبخانەی ئەڵمانیەوە و ئیدی گۆمی مەنگی کایەی فیکری وسیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی تا وەرزێکی تر دادێ دەشڵەقێنێت و بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات. وەک ئەوەی ئەو دوو وەرزە هێمای نەک مردن ودووبارەزیندووبوونەوەی سروشت بن بە تەنها بەڵکو هی چالاکیە ڕۆحیەکانی مرۆڤیش بن. ئەو وا دەکات هەر کتێبێکی وەک هەنارێکی گەییو بێت کە لەدارەکەی بەردەبێتەوە سەر زەوی ئیتر خۆی بۆ دەیەها دەنکی بیروڕا واڵادەکاتەوە. پایزی 2006 کتێبی (( تووڕەیی و کات Zorn und Zeit )) ی بڵاوکردەوە ، لەوکاتەشەوە چەندین وتار و بابەتی لەسەر نووسراوە و چەندین دیداری ڕۆژنامەیی و تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی لەگەڵدا سازکراوە ، ئەمە جگە لەوەی خۆیشی چالاکانە لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەڵمانیادا وەک میونیخ ، کۆلن ، هانۆڤەر، هامبۆرگ و بەرلین کۆڕی خوێندنەوەی بۆ کتێبەکە ، لە پێناوی پتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکەدا ، ساز کردووە. لەم ئێوارە کۆڕەشدا (( 26.03.2007 )) لە بەرلین ئێمە بەجۆشێکی ڕۆحی و بە لیبیدۆیەکی فیکریەوە چووین بۆ گوێگرتن لە کۆڕی فەیلەسوفی گەورە پیتەر سلۆتەردایک لەسەر شانۆی بەرلین (( ئەم شانۆیە کاتی خۆی شانۆی برتۆڵد برێشت بووە و ئیستاش پەیکەرێکی ئەو لە گۆڕەپانی پێش خانەی شانۆکەدایە )) هۆڵەکە هێندە پڕاوپڕ بووبوو کە هەندێک لەڕاڕەوەکاندا بە پێوە یان بە دانیشتنەوە جێگەی خۆیان کردبووەوە. سلۆتەردایکیش کتومت لەکاتی خۆیدا لەسەر شانۆ پەیدا بوو لەگەڵ سڵاوێکدا دانیشت و چەند لاپەڕەیەکی لەم کتێبە نوێیەی بۆ خوێندینەوە.

پیتەر سلۆتەردایک و بەکر عەلی 26. 03. 2007 بەرلین



ئەگەرچی من هەرزوو لەگەڵ کەوتنەبازاڕەوەی کتێبەکەدا لە پاییزی 2006 دا کتێبەکەم کڕی و خوێندەوە ، وە ئەگەرچی نرخی بلیتی کۆڕەکەی نزیکەی هێندەی نرخی کتێبەکەی بوو کە 25 یۆرۆیە ، بەڵام چونکە لەمێژ بوو تامەزرۆی ئەوە بووم جارێک گەر ئەو بێتە بەرلین و بتوانم لە نزیکەوە گوێبیستی بم و خۆمی پێ بناسێنم . ئەوە بوو کۆڕەکە تێکرا بە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لە کتێبەکە و پاشان گفتوگۆکردنی نووسەر کلاوس پەیمان ،کە بەڕێوەبەری شانۆکەشە، لەگەڵیدا لەکاتژمێر هەشتی

ئێوارەوە تاوەکو یانزەی  شەوی خایاند. پاشان خانەی  بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی کە ژمارەیەکی زۆر لەبەرهەمەکانی سلۆتەردایکی بۆ فرۆشتن نمایش کردبوو ، لەم بۆنەیەشدا ژمارەیەکی زۆری کتێبەکانی ئەوی فرۆشت ، یەکێک لەو کتێبانەش بۆ ئەم وەرزی بەهارە کتێبێکی هەرەنوێی سلۆتەردایک بوو بەناوی :

(( فەرمانی ئیستاتیکی Der aesthetische Imperativ )) منیش دەستبەجێ دانەیەکم لێ کڕی و وەک ئەو خەڵکەی تر کە ڕیزێکی درێژیان بەستبوو چوومە ڕیزەوە تاوەکو فەیلەسوف واژوو و ناوی خۆیم بۆ لەسەر بنووسێت ، لەو نێوەندەشدا خۆم گەیاندە خانمێکی سەنگین کە سکرتێری فەیلەسوف بوو ، خۆم پێناساند : من ژمارەیەکی زۆری نووسینەکانی ئەوم خوێندووەتەوە و چەند شتێکی بچووکیشم لێ وەرگێڕاون و چەند هەوڵێکی کورتی لسەر نووسییشم هەیە ، لەبەرئەوە ئەگەر کاتی هەبێت حەزدەکەم زۆر بەکورتی قسەی لەگەڵدا بکەم . خانمەکە بەڕووخۆشی و سەرسامیەوە  گووتی بەڕێزتان خەڵکی کوێن ، من کوردم لێرە دەژیم . گووتی ئەمە مایەی بایەخی فەیلەسوفەکەمان دەبێت ، چاوەڕێ بکە تاکۆتایی هەر بۆتی ساز دەکەم . چاوەڕێمان کرد تا دوواهەمین کەس لەدەوری تەکیەوە ، ئنجا خانمی سکرتێر بەفەیلەسوفی گووت ، بەڕێز سلۆتەردایک ئەم بەڕێزە دەیەوێت قسەتان لەگەڵدا بکات ، گووتی بفەرمووو ، بەڕێز سلۆتەردایک  مایەی ڕێزێکی گەورەیە بەدیداری ئێوە شاد بم  ، من ناوم بەکر عەلیە ، کوردم ، جارجار نووسینەکانی ئێوە دەخوێنمەوە هەندێکیشیانم لێ کردوونەتە کوردی ، زۆر سەرسام بوو ، بەپێکەنینەوە گووتی من بەکوردی دەخوێنرێمەوە ، وتم کورد دەناسیت ، هیچ ئاگاداریت لەسەر کێشەی کورد و کوردستان هەیە ، گوتی بەڵێ کورد و ئەرمەن چاک دەناسم ، ئەو کوردانەشی دەیانناسم هەموویان سەرنجی باشیان لام جێهێشتووە. گووتم ئەی کەواتە بۆچی لەم کتێبەتدا (( بالەرزە  Luftbeben )) کە باسی تیرۆریزمی کەشوهەوا دەکەن ، نموونەکانی شەڕەکانی ئەوروپاتان هێناوەتەوە کەچی باسی هەڵەبجەتان نەکردووە کە حکومەتی عێراقی لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا (( ئەو ساڵەکەی بۆ تەواو کردم وتی 1988 )) گازی ژەهراوی دژی کورد بەکار هێناو هەزارەها مرۆڤ لەچرکەیەکدا لێ کوشتین ، واتە ئەوەی ئێوە پێیدەڵێن (( ئەتمۆتیرۆریزم )) و شەڕیگاز ، ئێمەش بینمان و گوزەرانمان .(( ئێمە وتارێکمان لەسەر تیرۆرکردنی با ، لەنموونەی هەڵەبجەدا ، لە ژمارە 217 ی ڕۆژی 30.03.2005 ی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکردەوە ، کە پێموایە جگە لەمەرەکەبی من تا ئێستا بە چ مەرەکەبێکی تر تێمای وەها نەنووسراوە )) . دیار بوو ئاگای لە ڕووداوەکانی ئەو دەڤەرە هەبوو ، بۆیە بە جدیەتێکەوە گووتی ڕاستە وایە ، گووتم پێویستە ئەگەر جارێکیتر لەو بابەتە دوایت ئاماژە بەو تراژیدیایەی کورد بدەن.  بەخۆشحاڵیەوە گووتی پێویستە. لەبەرئەوەشی کات درەنگ بوو ، ئەوانیش بەرنامەی خۆیان هەبوو دەرچنە دەرەوە ، تەنیا دەرفەتی ئەوەم قۆستەوە  چەند کتێبێکم بەزمانی ئەڵمانی لەسەر کورد بۆ هێنا بوو بەدیاری پێشکەشم کردن ، کە بریتی بوون لە  دوو ژمارە لە گۆڤاری کردۆلۆگی ، کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کێشەی سیاسی و نەتەوەیی کوردی تێدا بوون ، کتێبی حیکایەت و ئەفسانەی کوردی کە بەرگی زەردەشتی لەسەر بوو  هی نووسەرێکی ئەڵمانی بەڕەگەز کورد بوو بەناوی (( کتێبە نەنووسراوەکەی کورد / حیلمی ئەباس )) ، بەم کتێبانە زۆر دڵخۆش بوو هەر قاقای لێ دەدا ، و زۆر بە خۆشحاڵیەوە وەریگرتن و سوپاسێکی زۆری کردم و داوای لێکردم ئەو شتانەی لەسەری بە کوردی نووسیومن بۆی بنێرم ، بۆ ئەم مەبەستەش ناونیشانی زۆر تایبەتی خۆی پێدام و چەند وێنەیەکیشمان پێکەوە گرت. گووتی تا دیدارێکی تر لەسەر پەیوەندی بمێنە ، هیوای ئێوارەیەکی خۆشتان بۆ دەخوازم . بۆ من ئەو دیدارە یەکێکە لە هەرەخۆشترین لەحزەکانی ژیانم .

هەڵبەت ئەو چەند شار و وڵاتێکی تریش بۆ ناساندنی کتێبەکە چوو بوو ، ئەمەش کارێکە هەموو نووسەر وفەیلەسوفێک لە حەوسەڵەیدا نیە بیکات. هەروەها  لەبەرئەوەشی چونکە کتێبێکە وەک هەر کتێبێکی تری ئەو ، بەزمانێکی زۆر نائاشنا نووسراوە ، داڕشتنی زمانی کتێبەکە لە بڵندترین ئاستی هونەری زمانی ئەڵمانیدایە ، کە نەک هەر بۆ خوێنەری سەرەتایی وەک ئێمەمانان سەختە بەڵکو بۆ خودی ئەڵمانەکانیش سەختە ، لەبەرئەوەی لەلایەک ئەو باوەڕی وایە دەبێت ئەو گەمارۆیەی لەسەر زمانی نەتەوەییدایە هەڵبگیرێت تاوەکو زمانێکی ئەوروپی بەرپا ببێت ، لەم پێناوەشدا سەرجەمی نووسینەکانی ئەو پڕن لە

دەستەواژەی زمانە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپا ، بێگومان ئەو زمانانەی کە شارستانیەتان پێ نووسراوەتەوە لەوانە گریکی ، لاتینی ، فەرەنسی و ئینگلیزی ، بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەکە هەر هێندە نیە کە ئەو لەڕووی قاموسی و فەرهەنگیەوە زمانەکانی تر تێهەڵکێش بە زمانی ئەڵمانی دەکات ، ئەگەر وەها بێت گرفت نیە ، خوێنەر دەتوانێت  بە برێک خۆماندووکردنەوە پەنا بەرێتە بەر لەکسیکۆن و فەرهەنگەکانی زمان و کارەکەی بۆ ئاسان بکەن ، بەڵکو من وای دەبینم گرفتەکە لەوێدایە کە ئەو دێت و دەستکاری زمانە بنەڕەتیەکەش دەکات ، ئەو وەکو ئەکرۆباتێک یاریەکی ئەوتۆ بە چمکەکان دەکات کە خوێنەری زمانە بنەڕەتیەکەش سەرسام دەبێت پێی و پێویستی بە بەکارهێنانی فەرهەنگ دەبێت. بەلایەکەی تریشدا ئەو پێیوایە قەیرانی هەنووکەی بیری خۆرئاوا بەندە بە گەمارۆکردنی زمانەکەیەوە ، بۆیە ئەوەی فیکری ئەوروپی ئێستا پێویستێتی زمانیکی تر و فیلۆلۆگیایەکی ترە . ئەو لە هەموو کارەکانیدا کاری بۆ ئەو زمانە نوێیە کردووە ، وەک لە دیدارێکدا لەمەڕ زمانی سەیری ئەو کتێبەیەوە پرسیاری لێ دەکرێت و دەڵێت : ((ئێمە دەبێت خەمی داڕشتنی هیگینێکی باڵای زمانمان هەبێت ، لەبەرئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەدەست هەژاریەکی سامناکی گوزارەکانەوە لەدنیای سیاسەتدا دەناڵێنین. ئەمڕۆ ئێمە زەلیلین لەوەی بتوانین ناوی نوێ لە ڕووداوە نوێکان بنێین. بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەبێت خۆمان لەوە بپارێزین کە ناوە مێژووییەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی  دووبارەبەکاربهێنینەوە. بە نموونە با شیکردنەوەی چەمکی ((چینەکانی کۆمەڵگا)) وەربگرین کە من لە (( تووڕەیی و کات ))دا ئەم چەمکەم دووبارە بەکارهێناوەتەوە ، بەڵام ئاگاداری ئەوەشم داوە لە دووبارەوەرگرتنەوەی زاراوەناسی (( مارکس )) بۆ چەمکی (( چینایەتی )) ، چونکە ئەم گوزارەیە هەڵگری جۆرێک لە کوشتنی کۆگەلییە ، واتە ئەوەی لەژێر دروشمی مارکسیدا لەبارەی (( چینایەتی))یەوە بدوێت وەک ئەوەیە جۆرێک لە کوشتنی کۆلێکتیفی/ کۆگەلی پیادە بکات .)) ئەمە سەرباری بیر تیژی و  قووڵی بیرۆکەکانی ئەو کە ئەوەی بەلایەنی کەمەوە هێڵێک لە هێڵەکانی فەلسەفەی خۆرئاوا شارەزا نەبێت مەحاڵە بتوانێت لە تاکە دێڕێکی ئەو تێبگات . بەڵام ئەمە بەوجۆرە نیە کە تێگەیشتنی شتێکی نەکردە بێت چونکە هەموو فیکرێک چەندە تەمومژچواردەوری تەنی بێت و چەندێک چڕ داخراو بێت خوێنەری ڕەنجکێش دواجار دەتوانێت کەلێنێک ، کلاوڕۆژنەیەک ، کلیلێک بدۆزێتەوە ، کەواتە مەسەلەکە تەنیا لەوێدایە کە خوێنەر دەبێت ڕەنج و کۆششی نەپساوەی هەبێت نەک بە تەمەڵی دەم پان بکاتەوەو گوێزی پاککراوی بۆ بێتە بەردەم ، بەم پێیە کارەکانی پیتەر سلۆتەردایک دەشێت لە کاری گەلێک فەیلەسوفی تر ڕۆشنتر بن ، بەڵگەش لێرەداخۆخەریککردنی ئێمەیە بەوەوە ، واتە مادامەکی من چێژێکی گەورە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەودا وەردەگرم ئەوا بەخۆماندوو کردنێکی زۆرەوە بەردەوام دەبم لە خوێندنەوەی کارەکانی ، نەخاسما کارەکانی ئەو تەنیا توێژینەوەی فەلسەفەی ئەبستراکت و ڕووت نین ، کەتەنیا بۆ هۆڵەکانی زانکۆ نووسرابن بەڵکو لەبەرئەوەی کارەکانی ئەوهەوڵدانی شیکردنەوەی هەموو کایە و دیاردەکانی ژیانە بە زمانێکی فەلسەفی باڵا، کە پڕێتی لە شیعریەت ئەوا سەرچاوەیەکی گەلێک گونجاون بۆ تینوێتی شکاندنی ڕۆح  وعەقل پێکەوە لای ئەوکەسانەشی کە نائەکادیمین ، حاڵەتێک کە ئێمەش لەخۆکۆششکردن بەخوێندنەوەی کارەکانی ئەوەوە پێمانگەیشتووە من ناوی دەنێم بە لیبیدۆی خوێندنەوە. سلۆتەردایک ، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە نهێنی توانای ئەفسوونی داڕشتنی میتافەری زمانەوانی لە نووسینەکانی خۆیدا ، دەڵێت : (( من هەمیشە خۆم بە نووسەرێکی فەیلەسوف داناوە ، لەم ئەرکەشدا من خوێنەرانم وەڕس نەکردووە. بەڵکو هەموو ئەو چەمکانەی تاوەکو هەنووکە بەکارهێنراون من کەمێک لەجێی خۆیان دەیانترازێنم و بەس . واتە بابڵێین من لەژێر ئاسمانێکی تردا دەنووسم ، نەک لەژێر ئەو کەشوهەوا باوەی زاڵە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگا و سروشتدا.)).

کتێبی تورەیی و کات هەوڵێکی سیاسی / سایکۆلۆجیە لە گۆڕینی مانای مێژووی جیهان لەڕێی ڕۆچوونە ناو دیاردەی (( تورەیی)) لە مانا سیاسی و دەروونی و دینی و کولتوری و کۆمەڵایەتیەکەیەوە. دیاگنۆزەکردن و دەستنیشانکردنی جیهانی هاوچەرخمانە لە ڕۆحی مێژووەوە. شیکارێکی زۆرناباوی ئەو هەستانەی ناوەوەمانە (( تورەیی ، سەربڵندی ، شانازی ، ڕق ، نەفرەت ، چنۆکی و ئیرەیی )) کە بەشداریەکی کارایان لە پێکهێنانی

کولتور و دنیای دەرەوەماندا هەیە و تاوەکو هەنووکە فیکر دەستی لێنەداون و فەرامۆشکراون . ئەو لێرەدا ڕەخنە لە شیکاری دەروونی باو دەگرێت کە وزەی (( تۆڵە))ی وەکو غەریزەیەکی لاوەکی تەماشاکردووە . بۆیە ئەو لەم پرسیارەوە دەست پێدەکات ، ئایا ئەوە هێزی کام غەریزە وروژێنەرانەن کە وزەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ ڕەها دەکەن . بۆ سەلماندنی ئەم تێزەیەشی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرەتا ، واتە بۆ لای گەنجینەی گریکەکان و بە دیاریکراوەیی بۆ لای هۆمیرۆس کە پێیوایە (( تووڕەیی)) هەم وەکو کاریگەرێکی سامناکی مرۆیی و هەم وەک خۆشیهێنێک لە (( ئەلیادە)) دا ئامادەیە و لە نموونەی ئەسخیلۆسیشدا باس لەوەدەکات  چۆن ئەم پاڵهێزە گاه دەبێتە مایەی شەڕ و گاە دەبێتە مایەی خۆشی . سلۆتەردایک لەلاپەڕەکانی 11 و 12 دا ئەوە بە هەڵە دادەنێت کە تاوەکو ئێستا توڕەیی ئەخیلیۆس بە توڕەییەکی موقەدەس وەک توڕەییەکەی موسا یان توڕەیی خودا تەماشا بکەین  ، بەڵکو مەبەست لە توڕەیی بریتیە لە پەلامار و هێرشی مرۆڤ لە شێوەیەکی پرۆفانەدا ( ناموقەدەسدا ) ،چونکە ئەلیادەی هۆمیرۆس باس لە ئاکامە تراژیدیەکان و لەهەمانکاتدا پاڵەوانێتیەکانی ئەسخیلۆس دەکات ، لەو داستانەدا هۆمیرۆس یەکەمین ڕستەی بە باسکردنی (( تووڕەیی خودا )) دەست پێدەکات . لێرەوەیە سلۆتەردایک توڕەیی لەسەردەمی ئەنتیکدا بەرزدەنرخێنێت ، چونکە گوزارەکانی وەک ، دراماتیک و ڤیتالیتێت و ئیرۆتیک و پاڵەوانێتی بەرهەمهێناوە. هەروەها نزیکایەتیەکی جەوهەریانە لە نێوان (( توڕەیی و سەبەرزیدا)) دەبینێتەوە کاتێک پێیوایە ، بەبێ  شانازی خەباتکردن بۆ ئیعتراف پێکردن زەحمەتە هزری توڕەیی بکرێت.  ئیدی سلۆتەردایک بەتێڕامانکردنی لەسەر یەکەمین دێڕی ئەو داستانە پاڵەوانئامێزیە ، دەرەنجامی ئەوە دەکات کە سەرەتای کولتوری خۆرئاوا (( تووڕەیی )) بناغەی داڕشتووە. ئەو هەر لەڕابوردوودا نامێنێتەوە بەڵکو دەستنیشانی ڕۆڵی تووڕەیی بەدرێژایی مێژوو لای کەنیسەی کاتۆلیکی ولای شۆڕشی فەرەنسی و لای کۆمۆنیزمی سەدەی 20 ولە کولتوری توڕەیی ئیسلامگەرە توندڕەوەکاندا و لە دۆخی هەنووکەشدا دەکات و ئاسۆکانی ئایندەشمان بۆ دەخاتە بەردەست.

ئەو گرفتانەشی هەنووکە لەئارادان بەپێی سلۆتەردایک سیناریۆکانیان لەمێژە نووسراون. کەواتە هەموو مێژوو بە کولتوری تووڕەیی دەست پێدەکات . ئیدی چەمکی سەرەکی کتێبەکە بریتیە لە ((تووڕەیی / تیمۆس )) کە بە زمانی گریکی مانای ئەو ئۆرگانە دەگەیەنێت کە بەرپرسیارە لە هەڵچوون و خرۆشاندنی تووڕەیی. واتە سلۆتەردایک ((توڕەیی/تیمۆس Thymos)) دەخاتە پاڵ ((خۆشەویستی /ئیرۆس Eros )) و بەمەش دەخوازێت ئەنترۆپۆلۆژیای شیکاری دەروونی ڕاست بکاتەوە کە تاوەکو ئێستا مرۆڤی وەکو (( قەرەقۆزی خۆشەویستی)) وێناکردووە. واتە شیکاری دەروونی باو مرۆڤی وەکو وەحشێکی کیسە پڕلە ئیرۆتیک و سێکس وێناکردووە کە هەمیشە دەکەوێتە ژێر بار و ڕکێفی و جەبری هەڵکشان و داکشانەکانیەوە. بەپێی فرۆید تووڕەیی ئەوەیە کاتێک ئیرۆس بەناتەواوی بەرزبێتەوە و هەڵبچێت. بەمەش سلۆتەردایک دێت و هاوتا لەگەڵ غەریزەی (( ئیرۆس / پاڵهێزی خۆشەویستی )) دا غەریزەی (( تیمۆس / کە دەزگای تووڕەیی مرۆڤە)) بە دیوێکی تری ڕاستەقینەی دەروونی مرۆڤ تەماشا دەکات. وەک دەبینین مرۆڤی مۆدێرن ئەمڕۆ لە شارستانیەتی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیشدا نوقمی کولتوری ئیرۆتیکی بووە کە پاڵهێزی غەریزەی ئارەزووکردنی شتەکانی وەک پارە و سێکس لە هەموو پاڵهێزەکانی تر بەهێزترە ، ئەودەڵێت (( ئێمە دیوە ئەفسانەییەکەی تووڕەیی و ڕێزدارکردنە جەنگاوەریەکەی تووڕەییمان وەلاخستووە.)) لێرەوە سلۆتەردایک دەخوازێت شوێنێک و کایەیەک بکاتەوە بۆ ئەم دیاردەیە کە پاڵهێزی هەموو ڕووداوەکانی مێژوو بووە و کەچی چ شوێنێکی لەشیکارکردندا پێ نەبەخشراوە. ئەمەش ستراتیژی ئیشکردنی ئەوە ، هەر لە سێینەکتێبی (( کایەکان )) ەوە خواستوویەتی جۆرێک لە ئۆنتۆلۆگیا ببەخشێت بە دیاردە هەناوگەریەکان و ڕۆحیەکانی مرۆڤ ، لەم ڕووەوە ڕەخنەگرێک ناوی لێناوە (( پیتەر سلۆتەردایک، دەروونناسێک لە فەزای دەرەوەدا)). بەم مانایە ئەو چەمکی ئۆنتۆلۆگی لە کتێبی ((بوون و کات )) ی هایدیگەردا دەگۆڕێتەوە بە تێگەیەکی پسایکۆلۆگی لە کتێبی (( تووڕەیی و کات )) دا . دیارە وەک خۆی لەسەرەتای کتێبەکەدا دەڵێت ، مەبەستی ئەو لە (( کات )) واتە ((مێژوو)) ە. بەڵام ئەگەر لای هایدیگەر زەمانیەت و مێژوو لە (( بوون

بەرەو مەرگ )) دا بەرجەستە بێت ئەوا لای سلۆتەردایک وەهانیە بەڵکو (( پێشبڕکێ و بەربەرەکانێ )) زەمانیەت و مێژوو دروست دەکەن . بەمەش سلۆتەردایک شیکردنەوەی باوی دەروونناسی بۆ چەمکەکانی ئیرۆس و تانتانۆس دەباتە سەر ڕێگایەکی ڕاستتر بەوەی غەریزەی مەرگ وەکو (( بونیادێکی سەربارخراوی درەنگوەخت )) بۆسەر (( ئیرۆس )) هەڵدەوەشێنێتەوە. واتە ئەم کتێبە نەک هەر بەناونیشان لە کتێبەکەی مارتن هایدێگەرەوە نزیکە بەڵکو بەپێی ناوەڕۆکەکەشی بێت توخمێکی گرنگی لە کتێبی (( بوون و کات ))ی هایدێگەرەوە خواستووە . وەک چۆن هایدێگەر ویستی لەدوای نیتچەوە تیۆلۆگیایەکی سێکولار (علمانی) یاخود بەزمانی خۆی بڵێین ئۆنتۆلۆگی دابمەزرێنێت ، سلۆتەردایکیش بەم کتێبەی دەخوازێت ئەو ڕەوتە سێکولار و ئۆنتۆلۆگییە لەناو شوێنێکی دەروونی مرۆڤدا ساتار بکات.

کتێبەکە لە دەروازەیەکی درێژ ، وەک لەسەرەوە کورتەی دەروازەکەیمان خستەڕوو ، لەگەڵ چوار بەش لە دووتوێی 356 لاپەڕەدا پێکهاتووە ، بەشی یەکەمی کتێبەکە بریتیە لە پشکنینی مێژوویانەی دیاردەی (( توڕەیی)) ، لەناو کولتوری ئەوروپیدا و پەیوەندی ئەم پاڵنەرە بە جەنگەکان و بە شۆڕشەکان و بە هەستە خرۆشێنەرەکانی وەک (( سەربەرزی و شانازی ))ەوە، هەڵبەت لەناو یاریکردنێکی زیرەکانە بە وشە و گوزارە و ڕستەی نوێی ئەوتۆ کە تاوەکو هەنووکە بە هیچ مەرەکەبێکی ئەڵمانی نەنووسراوە. ئەو لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەیدا بەو دەستەواژە و گوزارە سەیرانەی دایڕشتوون لە نووسینی ئەم بابەتە توڕەیی هەژێنەدا چەندینجار ئامادەبووانی هێنایە خەندە و پێکەنین ، دەستەواژەی وەک (( بانکی تووڕەیی Zornbank)) و (( ئابووری تووڕەیی Zornwirtschaft)) ، پرۆژەی توڕەیی و کارگێڕی جیهانگەریانەی توڕەیی ، ئاماژەن لەسەر ئەو شوێنانەی کەتیایاندا (( توڕەیی )) کۆ دەکرێتەوە و پاشەکەوت دەکرێت و دواجاریش بە ئۆرگانیزە دەکرێت و دەخرێتە بواری پیادەکردنەوە.

لەناو کولتوری کوردیشدا پێموایە ئەم چەمکە کلیلێکی گونجاوە بۆ کردنەوەی دەرگا کڵۆمدراوەکانی سایکۆلۆجیای سیاسیانەی مێژووی کوردی . بە نموونە ؛ ڕاپەڕین گەورەترین ساتەوەختی هەڵڕشتنی ئەو تووڕەییە کەڵەکەبووەی ناو بانکی کوردی بوو کە بەڕووی داگیرکەراندا تەقیەوە. لەئاستی تووڕەیی کۆمەڵایەتیشدا دەتوانین بڵێین تەقینەوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم دواییەی کوردستان بەڕووی دەستەڵاتدارانی کوردیدا نموونەیەکی دیارن لەسەرکەڵەکەکردن و پاشەکەوتکردنی توڕەیی هاولاتیان لەناو کۆمەڵگادا ، دەستەڵاتی کوردی هێندە کاری لەسەر توڕەکردنی خەڵکە هێندە خەریکی ناز بەخشین نیە بە هاولاتیەکانی ، گێلێتیە بۆ ئەوان پێیانوابێت کردنەوەی بازاڕەکانی نازسیتی و مۆڵ و پاساجەکان ، کە لەهەنووکەدا گەردوونێک گەندەڵیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەتە ئاراوە ، ئاماژە بێت لەسەر نازپێدانی حکومەتی هەرێم بە هاولاتیانی هەرێم ، وەک چۆن مانای ئەوەش ناگەیەنێت کە ئەوان پرۆژەی درێژخایەنیان دامەزراندووە ، بەڵکو پرۆژەی درێژخایەن کە دەبێتە شادەماری جەستەی هەموو کۆمەڵگایەکی زیندوو لەوەدایە دەستەڵات پرۆژەی کاری ستراتیژی بەرهەمهێن لە هەموو کەرتەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و زانستی و دواجاریش بازرگانی بەرپا بکات . لەوەدایە هاولاتیەکانت لە بوونەوەری مشەخۆرەوە بکەیتە بوونەوەری ئەکتیف و ئیشکەر ، چونکە بەبێ ئیشکردن هیچ زیندوویەک نیە بتوانێت درێژە بەژیان بدات . لێرەوەیە دەستەڵاتی کوردی هەڵە دەکات پێیوابێت بەدامەزراندن و بە فەرمانبەرکردنی هەموو دانیشتووانی شار و گوندەکان نەخشەی کارکردن و ستراتیژی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای نوێ داڕشتووە و بەمەش نازی بەخشیوە بە ڕۆڵەکانی لە کاتێکدا دەبینین ئەم نەخشەیە چ کائۆس و چ گەندەڵکاریەکی لێکەوتەوە ، بەڕادەیەک یەکەمین ئەو دەستانەی لە خودی کارەکانی حکومەت توڕەن خودی فەرمانبەر و دەستوپێوەند و مامۆستاکانن پاشان خوێندکاران و هاولاتی ئاسایی دێن. کەواتە ڕاپەڕینی جەماوەر بێهۆ نیە هەروەها کارێکی ڕێکەوتیش نیە ، بەڵکو ئەوەیە کە (( بانکی خەڵک )) لەو هەرێمەدا تاوەکو ئێستا تەنیا (( توڕەیی)) تیا پاشەکەوت کراوە لەبەرئەوەی خەڵکی ئەو دەڤەرە چەندین ساڵە ڕق و تووڕەیی بەرابەر بەو ناعەدالەتی و ناڕەوایەتیە گلدەدەنەوە کە بووە بە تارماییەک بەسەر ئەو دەڤەرەوە تا لەم دواییانەدا توانیان برێکی لێ هەڵبرێژن ، وەلێ کەماسی هەڵڕشتنەکە لەوەدابوو کە ئەوجۆرە توڕەییانە لەڕووی دەستەڵاتدا هیچ

ئۆرگانیزە نەکرابوون . ئەگەرنا تووڕەیی مادەیەکی بەپێزە بۆ هەوێنکردنی هەویری هەر شۆڕش و یاخی بوونێک ، چونکە تووڕەیی ئەوە نیە لەهیکرا و هەڕەمەکیانە دەرپەڕێت ، بەڵکو دەشێت پاشەکەوت بکرێت و بشخرێتە ناو پرۆژەی وەبەرهێنانەوە ولە فۆرمی شۆڕشدا ئۆرگانیزە بکرێت ، چونکە شۆڕش هیچ نیە جگە لە فۆرمێک بۆ ((بانکی تووڕەیی ))، وەک ئەوەی هەنووکە لە کوردستاندا ڕوودەدات کاتێک سیاسیەکان گێلێتی خۆیان لەوەدا دەردەخەن پێیانوایە خەڵک گێلن و بە هەموو جۆرێک ملهوڕی دەستەڵات دەبن ، بەڵام چیتر دەبێت لەوە تێبگەن کە خەڵکە فەرامۆشکراوەکان و بەکەم سەیرکراوەکان بانکێکن بۆ پاشەکەوتکردن و وەگەڕخستنی (( تووڕەیی)) و چاوەڕێی ساتەوەختی سروشتیانەی خۆیانن بۆ هەڵڕشتن. وە ئەگەر هێزێکی ڕیفۆرمخوازی دادوەر هەبێت دەتوانێت ئەو توانست و تووڕەییە زەخیرەخراوەی جەماوەر مۆبیلە بکات و شۆڕشێکی تووڕەیی پێ ئۆرگانیزە بکات ، چونکە تووڕەیی لەجەوهەریدا دیوێکی پەیوەستە بە کێشەی نادادوەری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە ، واتە تووڕەیی خۆی هیچ نیە جگە لە هەڵڕشتنی ناڕازیبوون بەرابەر ئەو نادادوەریەی کەهەیەو دەتەوێت سنوورێکی بۆ دابنێیت بەڵام جەوهەری گرفتەکە لەوێدا متبووە کە کۆمەڵگای کوردی لە ئێستاداو لەوانەشە بۆ ئایندەیەکی درەنگتریش ئەو هێزە شک نەبات چ چەپ چ ڕاست بێت کە بتوانێت ئۆرگانیزەی تووڕەیی هاوڵاتیان بکات.

ئەم تێزەیەی سلۆتەردایک پێمان دەڵێت ، (( تووڕەیی )) تەوەری هەموو ململانێکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەسوڕێنێتەوە. واتە مێژووی تووڕەیی لە بەرەبەیانی هەبوونی مرۆییەوە لەناو حیکایەتەکانی ئایین و ئەفسانە و شۆڕشەکاندا تاوەکو ئایدیۆلۆگیا سیاسیەکان و کۆدێتاکانیشدا ئامادە بووە. گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتایەکی دێرینتریش دەبینین لەناو کتێبی پیرۆزدا (( بیبل )) لە چیرۆکی ئەفراندندا(( گەنەسیس Genesis/ سفرالتكوين )) دا باس لەبراکوژی هابیل و قابیل کراوە ، کە کوشتنەکە بەرەنجامی کەڵەکەکردنی تووڕەییە. چونکە مەسەلەکە دەربارەی هەڵچوونێکی خۆڕسکی و هەڕەمەکی و خۆڕایی نیە ، بەڵکو شتەکە پتر یادەوەری تووڕەییمان پیشان دەدات. بەشی دووەمی کتێبەکەش لەژێر ناونیشانی : خودای تووڕە ، ڕێگا بەرەو دۆزینەوەی بانکی میتافیزیکیانەی تۆڵە .لاپەڕەی 113 بۆ 169 ی گرتووەتەخۆ. لە کۆڕەکەشدا پتر لاپەڕەکانی ئەم بەشەی بۆ خوێندینەوە چونکە بەلایەوە ئەمە بایەخدارترین و پەسەندکراوترین بەشی کتێبەکەیە، کە تێکڕای ڕەهەندەکانی فونکسیۆنی خودا و ئایین لە ئێستا و لەڕابوردوو و لە داهاتووشدا زۆر بە قووڵی شیکردۆتەوە.

کەواتە ئەمڕۆش ئەوەی لە کەنیسەی کاتۆلیکیدا بە(( تووڕەیی خودا )) ناودەبرێت و ئەوەشی لە سیستەمی کۆمۆنیزمدا وەک ڕق و تووڕەیی بەرابەر دنیای سەرمایەداری هەبوو ، تیرۆریزمی هەنووکەی ئیسلامیش هەموو بریتین لە هەڵڕژانی ئەوەی لە (( بانکی تووڕەیی )) دا پاشەکەوتیان کردبوو.

سلۆتەردایک بەم تێزەیە جارێکی تر تەواوی مێژووی خۆرئاوا و مرۆڤایەتی لەدیوێکی تەواو نوێوە دەنووسێتەوە. ئەو باس لە وەرچەرخانی غەریزەی تووڕەیی و ڕق دەکات بەرەو جەوهەرێکی چالاک و بەرهەمهێن. واتە دەخوازێت دیوە پۆزیتیفیەکەی (( تووڕەیی )) بدۆزێتەوە. مێژووی شارستانیەتی خۆرئاواش گرێدەداتەوە بە کارپێکردنی ئەم غەریزەیە بە هەردوو ئاراستەکەیدا ، واتە بە دیوە پۆزەتیڤەکەی و نێگەتیڤەکەیدا. ئەو پێیوایە تووڕەیی غەریزەیەکە تەنیا هێزی ڕووخێنەر و وێرانکەری لێناکەوێتەوە بەڵکو دەشێت پاڵهێزێکی بەرهەمهێنیش بێت. سلۆتەردایک لەسەر بنەمای ئەم دۆخەدا (( دەزگای تووڕەیی))یەگەورەکەی خۆرئاوادەنووسێتەوە . لەپاڵ ئەوەشدا کارابوونی ئەم غەریزەیە لە تەواوی کاروانی خۆیدا و لەهەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دەنووسێتەوەو ڕاڤەیان دەکات ، وەک لەناو ئایینە مۆنۆتایستەکان ( جوولەکایەتی ، مەسیحایەتی ، ئیسلامایەتی ) و ئیدیۆلۆگیای تووڕەیی سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕێبازی ئازادی لە شۆڕشی فەرەنسیدا کە دواجار بووە مایەی زیاتر بەکارهێنانی (( گیلۆتین / مەقسەڵە)) و غەزووەکانی ناپۆلیۆن . هەروەها سیستەمی تووڕەیی لەسەدەی 20 دا کە بەسەدەی (( توندڕەوی)) ناوزەدکراوە. ئەمانە هەموو دەخاتە پاڵ یەک . لێرەوەیە ئەو نەک هەر درێژە بەبەکارهێنانی تێگەی ((ڕق و کینە / ڕیسەنتیمێنت Ressentiment ))لای نیتچە دەدات لەناو مێژوویەکدا کە (( ڕق بەرابەر ژیان )) بووەتە شتێکی کرۆنیکی، کە هەر لەم حاڵەتەشەوە مرۆڤ وێنەی (( دوژمن))ی بۆ خۆی وێنا کردووە ،

بەڵکو سەرباری ئەوەش سلۆتەردایک شیکاری (( کارپێکردنی تورەیی)) لەڕووی سیاسیەوە و بە ئۆرگانیکردنی ئەم غەریزەیە بەشێوەیەکی زۆر توند لەناو مێژوودا ،بەوردەکاریەکی هونەریەوە یەکالآدەکاتەوە. واتە هەوڵی دەرخستنی فۆرمی مێژووییانەی دیاردەی (( تورەیی)) بەشێوەیەکی کۆنکرێتی دەدات، نەک تەنیا لەناو تیۆرە ڕووتەکاندا بمانخولێنێتەوە. وەبۆ ئەم تێزەیە چەندین حاڵەت لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا شیکار دەکات ، وەک کۆمۆنیزم و نازیزم کە هەریەکەیان دوژمنەکەی خۆیان وەک (( چین )) و وەک (( ڕەگەز)) وێنا کردووە. هەروەها ئەو چەمکی (( جبەخانەی هەڕەشە)) بەکاردەهێنێت بۆ (( دۆزەخ)) لەناو گووتاری ئایینە مۆنۆتایزمەکاندا و دیدی قیامەتبینی پێغەمبەرانە و سیستەمی دۆزەخی پەیامبەرەکان تێکڕا بریتین لەو چەمکانەی دەکەونە بەر تیغی تیژی ڕەخنەی سلۆتەردایکەوە ئەو دەڵێت (( دۆزەخ ئەو شوینەیە کە بەشێوەیەکی ناڕەوا هەمووشتێکی تیادا هەڵدەگیرێت بۆ ڕۆژێک کە هاوسەنگکردنەوەی ئازارەکانی تیادا بەڕێ بکرێت .))، ئەمە بەبێ ئەوەی فاشیزمی چەپ و ڕاست لە سەدەی 20دا لەم ڕەخنەیەی سلۆتەردایک هەموار کرابن. چونکە بزووتنەوەی چەپ کە لەماوەی 200 ساڵی ڕەبەقدا تاوەکو ئێستا هەرچییەکی بەئەنجام گەیاند بێت ئەوا ئەمڕۆ چیتر ئەو هێزە کارایە نیە. ئەو دەڵێت : (( ئێمە نابێت باوەڕ بەوە بکەین کە سۆسیالدیموکراتی کۆن حیزبێکی بەکاربەری بوو Konsumpartei ، بەڵکو ئەو بزووتنەوەیەک بوو هەستی شانازی کرێکارانی تیایدا وروژێنرا. هەروەها ناشبێت باوەڕمان وا بێت کە ئەنارشیزمیش کۆمەڵەیەکی کۆنسومی بوو، بەڵکو پیلانگێڕێکی دڵخۆشی تۆڵەسەندنەوە بوو کە دواتر خۆی گۆڕی بۆ بزووتنەوەیەکی زۆر تاریکی پرۆتۆفاشیستی (( سەرەتای فاشیستی)) کە هەڵگرەکانی ئەو ئیدیالیستانە بوون کە هەوڵیاندەدا بە بۆمبا بفەلسەفێنن.)). هەروەها دەڵێت (( یەکەمین کەس کە توانی بانکی جیهانی تووڕەیی دابمەزرێنێت کۆمۆنیزمی لێنین بوو)). بۆ ئەمەش ئەو دەستەواژەی (( بانکئارایی تووڕەیی Bankwesen )) دادەڕێژێت کە لێیەوە مێژووی تورەیی ناو کولتوری خۆرئاوا بۆ پتر لە 2500 ساڵ دەستنیشان دەکات. ئەو دەڵێت : (( لە 2500 ساڵی ڕابوردوودا و لەگەڵ بەرپابوونی کولتوری شار و کولتوری ئیمپریالی و دیموکراتی دا ، تەنیا یەکجۆر مرۆڤ داواکراو بوو ، ئەویش ئەو مرۆڤەیە کە دەبێت هەستە شانازیبەخشەکانی خۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی چەپاندنەوە.)). لەناو سیستەمی ڕێکخستنە ڕۆحیەکانی مرۆڤدا ئەو جیاوازیەک دەخاتە نێوان ئیشکردنی هەستی تووڕەیی / تیمۆس کە دەبێتە مایەی (( خرۆشاندنی شانازیمان )) وە نێوان هەستە ئیرۆتیکیەکانمان ، واتە نێوان هەموو ئەو هەستانەمان کە پەیوەندیان بە ئارەزووەکانمانەوە هەیە. چونکە وەک ئەو دەڵێت(( مرۆڤ لەئارەزووەکانیدا پتر گوێ بۆ چنۆکی ڕادەدێرێت وەک لە خۆشەویستی )) ، لەم سیستەمی ڕێکخستنەشدا ئیدی ئێمە هاوسەنگی خۆمان بزردەکەین. چونکە پرۆسێسی بەشارستانیبوون ئێمەی کردووە بە کەسانی ئیرۆتیکی گێل و بە کۆنسومیستی ( بەکاربەری ) چاوچنۆک . پرۆسێسی شارستانیەت لەسەر تێچووی هەموو سەربڵندی و شانازی و شکۆ و دواجاریش هەموو تووڕەیی ئێمە بەڕێوەچووە. زلۆتەردایک بەپێی ئەوەی لە کتێبی تەوراتدا باسی خودای ئیسرائیل کراوە کاردەکات بە مانای مێژووییانەی کولتوری تورەیی لە ئایندا ، چونکە ئاماژەکانی ئاینزای ئەنتیکی جولەکایەتی بریتین لە : (( دۆزەخی خودای تورە و دواهەمین دادگای دنیا و دوڕۆژ )) وەکو دوهەمین پایەگای سزا و بارەگای سزادانی مرۆڤ ، کە پشت دەبەستێت بەبنەمای یادەوەریەکی ناڕەوای یەزدانیانە و پەیمانی تۆڵەسەندنەوە لە مرۆڤ . واتە لە کایەی ئایینیشداکڵێسە ئەم چەپاندنە لەڕێی بیرۆکەی (( خودای تووڕە)) و (( دۆزەخ))ەوە وەکو یادەوەریەک کە مەحاڵە لێی قوتاربیت ، داواکردووە . واتە تووڕەیی دەبێتە گوناهی مەرگ .. (( یەزدانی یادەوەریە باشەکان بریتیە لە مەرجی بنەڕەتی تووڕەیی ، چونکە لای ئەو یاسای کەڵەکەکردنی تووڕەیی هەیە.)). کە ئەمەش لە تەوەری بەشی چوارەمدایە و دەپرسێت : ئایا ئیسلامی سیاسی دەتوانێت بانکێکی جیهانی نوێ بۆ یاخیبوون دابمەزرێنێت ؟ بێگومان وەڵامەکەی نەخێرە . بۆ ئەمەش ئەو ڕەخنەی توند لە ئیسلامیزمی ڕادیکال دەگرێت کە ئەمڕۆ لەپاش هەرەسی کۆمۆنیزمەوە دەخوازێت وەک تاکە دۆگمای جیهانی کە هەڵگری ئایدۆلۆژیاژەکی تۆڵەسەنێرەوەیە لە دەرکەوتنی (( لاوانی تورە)) دا خۆی نمایش دەکات کە جگە لە سزادان

چ شتێکی تری پێ ناکرێت . واتە ئیسلامیزمی سیاسی کە وەک هەڕەشەیەک لە جیهان دەردەکەوێت توانستی ئەوەشی تێدا نیە وەک کۆمۆنیزم ببێتە (( بانکێکی جیهانی بۆ توڕەیی)) ، یاخود ببێتە چەترێک یاخی و توڕەکانی جیهان لە ژێریدا کۆببنەوە و شۆڕش بەرپا بکەن . لەبەر ئەوەی ئەم بزووتنەوە لاسارە مەرجە سیاسیەکانی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانیان هەڵنەگرتووە ، ئەمە جگە لەوەی لەڕووی هەبوونی مەرجەکانی تەکنەلۆژیا و زانست و ئابوریەوە جیهانێکی هەژارە. لەبەرئەوە لەخۆڕانیە دواجار ئەگەر بۆخۆی لەدەرەوە دوژمنێک نەبینێتەوە ئەوا توڕەییەکەیان لەسەر خاکی خۆیاندا بۆ شەڕێکی ناوخۆ بەگەڕ دەخەن . کێشەی نێوان سونە و شیعە و پەلاماری سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیۆرک و ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی لەئێرانەوە بەرەنجامی هەڵکشانی توڕەیی و توندڕەوی ئیسلامین.

دیارە ئەو مژدەیەی سلۆتەردایک دەیدات بە گوێماندا بریتیە لە (( کۆتایی مێژوو)) ، وە سەردەمی (( پاش مێژوو )) کە ئێمە لەساتەوەختی مایەپووچبوونی دامەزراوە گەورەکانی توڕەییەوە هەناسەی پێ دەدەین . ئەوەشی ئەمڕۆ (( گەنجە توڕە ئیسلامیستەکان )) دەیژێننەوە بریتیە لە دووبارەبارگاویکردنەوەی ئیسلامی مۆنۆتایست ( یەکتاپەرستی) ، بەو توڕەییەی لە(( بانکدا پاشەکەوت کراوە)) لەلایەن ((دۆڕاوە خراپەکانی مێژووەوە)) ، ئەوەش بریتیە لە شانۆیەکی کۆمیدیای هەرێمیانەی مێژووی (( توڕەیی)). لێرەوەیە ئەو تێزەکەی فۆکۆیاما (( کۆتایی مێژوو )) پەسن دەکات . مێژووش هیچ نیە جگە لە مێژووی پرۆسەی گلۆبالگەرایی . سەردەمی زێڕینی (( تەڕەیی))ش لای ئەو بریتی نیە لە ڕابوردوو بەڵکو پتر دەکەوێتە ئایندەوە ، بەڵکو ئەو چەمکی (( لەودیو کینەوە))ی نیتچە بەرفراوانتر دەکات بۆ داهاتوو ، بەمەش سلۆتەردایک دەبێت بە خوێنەرەوەیەکی دیموکراتیانەی بیری نیتچە ، چونکە ئەو پێیوا نیە عەدالەتی جیهان بکەوێتە ئەودیوی ژیانەوە بەڵکو دەکەوێتە ناو ئەو مێژووەی لەسەر زەمین ڕوو دەدات . ئەو ئاسۆیەشی مژدەکەی ئەو بۆمان والا دەکاتەوە لەو (( سیاسەتە مەزنەدا )) بەرجەستە دەبێت کە تەنیا لەڕێی (( مەشقکردنی هاوسەنگیدا )) شیاو دەبێت چونکە وەک ئەو لە لاپەەی 355دا دەڵێت (( سیاسەتی گەورە تەنیا لە فۆرمی مەشقکردنی هاوسەنگیدا ڕوودەدات )) . چونکە زەمەنی مێژوویی جگە لە (( زەمەنی فێربوونی شارستانیەت )) چ شتێکی تر نیە ، واتە خۆت فێری ئەوە بکەیت بە چاوی ئەوانیتر تەماشا بکەیت و ببینیت ، بەمەش وابکەیت زەمەنی جەوهەری خۆت وەک زەمەنی فێربوونی شارستانیەتەکانی تر پێناس بکەیت. زەمەنێک ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت کە (( چەپکێک لەدیسپلینی پێکەوەگرێدراوی نێوکولتوری )) لێ چاوەڕوان بکرێت. واتە کولتورێکی جیهانی کە دواجار لە خزمەتکردنی جیهاندا بێت و خاڵی بێت لە ڕۆحی ڕق و کینە ق ڕیزەنتیمێنت ،ئەمە لە دوا بڕگەکانی کتێبەکەدا دەخوێنینەوە.

ناوی کتێبەکە بە ئەڵمانی :
Peter Sloterdijk
Zorn und Zeit , Suhrkamp Verlag 2006